[Bakhtiar Shomai](#)

2 October 2014 · [Amsterdam](#)

پاش 36 ساڵ ئەم دوو بەیتە هۆنراوەیە هەر لەیادەوەریمدا ماون:

لە تەمەنی لاوێتیدا، ماڵمان لە گەڕەکی گۆیژە، نێزیک گۆڕستانی گردی سەیوان بوو. ئێمە کۆمەڵێک هاورێی هاوتەمەن و هاوپۆل بووین و زۆربەی کاتەکان لە گەڕەکەکەدا پێکەوە بووین. یەکتربینین و دانیشتن و کۆبوونەوەکانمان زۆر خۆش بوون و لە هەمانکاتدا گردبوونەوەکانیشمان هەندێک جار وەک کۆبوونەوەی سیاسیی لێدەهات و لە هەموو بابەتێک دەدواین. ئەوەی لێرەدا مەبەستە باسی بکەم، ئەوەیە، یەکێ لە برادەرە بەڕێز و دڵسۆزەکانم کاک سەلامی ئەحمەد نەبەرد بوو کە پێکەوە گفتوگۆی سیاسیمان زۆر لەنێواندا بوو، بێگومان بە پێی بیرکردنەوە و ئاستی تێگەیشتی ئەو سەردەمەمان. کاکە سەلام کوردێکی پاک و دڵسۆز بوو، بە بنەماڵە شیووعی بوون و ئەمیش بیروباوەڕی کۆمۆنیستیی هەبوو و زۆربەی جار ئەو باسوخواسانەی لەگەڵدا دەکردمەوە. باسەکانمان خۆش و بەسوود بوون. بەکورتییەکەی لێرەدا تەنها باسی یادەوەرییەکی تاڵی ژیانی کاک سەلام و خانەوادە بەڕێزەکەیان بە نووسینەوەی هۆنراوەیەک باس دەکەم و مەبەستی ئەم کورتە نووسینەش هەر بۆ نووسینەوەی ئەو هۆنبراوەیەی باوکی گیانبەخشیوبانە کە لە سەرەمەرگدا بۆی هاتووە و بۆیان نووسیوەتەوە. ئەمەم لە دەمی کاکە سەلامەوە بیستووە. وەک دەڵین، بیری لاوێتی تیژە، لەو کاتەوە ئەم هۆنراوە ناوازەیەم هەر لە یادەوەریمدا پاراستووە. زۆر جار کاکە سەلام ئەو کوشتنە کارەساتبارەی بۆ باس دەکردم و ئەو رووداوە دڵتەزێنە،بەشێکی گەورەی لە بیرکردنەوە و ژیانی ئەو داگیرکردبوو. خوالێخۆشبوو کاک ئەحمەد نەبەرد، تێکۆشەرێکی شیووعی و وابزانم سەر بە باڵی قیادەی مەرکەزیی حیزبی شیووعی بووە. لە ساڵانی شەستەکاندا، لە سەر جادەی سابوونکەران، دەستێکی رەش بەر دەمانچەی دەدات. ئەوکاتە لە سەرەمەرگدا ئەم هۆنراوەیەی وتووە:

ئەو کاتەی ژینم بەخشی بە هەژار

زانیم ئەکوژرێم بە دەستی غەدار

تاوانم تەنها هەر تێکۆشان بوو

دژی فاشیست و چەتەی ئیستعمار

ئەحمەد نەبەرد

- هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی کاک ئەحمەد نەبەردی نەمر، رەوانیان شاد و ئاسوودە بێت.